# ئەپڵ (ئای پاد)ی بەرهەم هێنا



ئا: دانی

(ستیڤ جوبز) سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای ئەپڵ پەردەی لەسەر ئامێرێکی نوێی کۆمپانیاکەی لادا، کە جۆرە کۆمپیوتەرێکی تابلۆیی زۆر نایابە و ناوی (ئای پاد)ی لێنراوە، وا بڕیارە بە نرخێکی کەم و چاوەڕواننەکراو بخرێتە بازاڕەوە، کە بەمەش بۆشایی نێوان مۆبایلی زیرەك (smart cell) و کۆمپیوتەری لاپتۆپ کەمدەکاتەوە.
ئەمەو (جۆبز) لە هۆڵێك و لەنێو ئاپۆرای ڕۆژنامەنووسان نمایشی ئەو کۆمپیوتەرە تابلۆییەی کرد، کە بە شاشەیەکی لەمسیی قەبارە (٩,٧)بۆسە دەوڵەمەند کراوە، ڕێك وەك ئامێری (ئای فۆن)ـە و هەروەك ئەم کۆمپیوتەرە خزمەتگوزاری (ئای پوك)ی تێدایە بۆ خوێندنەوەی پەرتوکی ئەلیکترۆنی کە بەمەش دەچێتە کێبڕکێ لەگەڵ خزمەتگوزاری (کایندل) لە سایتی (ئەمازۆرن.کۆم) .
شیاوی باسە ئامێری (ئای پاد) بە گەورەترین داهێنانی ئەپل دادەنرێت لە دوای خستنە بازاری ئامێری (ئای فۆن) پێش سێ ساڵ لەمەوبەر ،بەمەش ئەپل دەیەوێت ڕێگا بەرووی کۆمپیوتەری تابلۆیی بکاتەوە.
لەلایەن خۆشیانەوە شیکەرەوان سەرسامی خۆیان بە ئەپلیکەیشنەکانی (ئای پاد) دەربڕی، بەلاّم ئاماژەیان بەوەکرد کە بەکارهێنەران هەمان ئەو ئەپلیکەیشنانە دەتوانن لە ڕێی مۆبایلی زیرەك و کۆمپیوتەری لاپتۆپ هەمان ئەم کارانە جێبەجێ بکەن.
(ئەپڵ) بڕیاری داوە کە ئەم ئامێرە بە (٤٩٩دۆلار) بفرۆشێت بۆ قەبارەی (١٦ گێگابایت) کەوا بڕیارە لە مانگی (ئازار)ی ئەمساڵ بخرێتە بازاڕەکانەوە، ئەمە جگە لە (١٣٠)دۆلار بۆ بەکارخستنی توانای پەیوەندیکردنی نەوەی سێیەم، ئەمەو ڤێرژنەکانی تری (ئای پاد) بە قەبارەی زیاتر بە (٥٩٩ دۆلار و ٦٩٩دۆلار) دەفرۆشرێن، شیاوی باسە پێشبینیان دەکرد کە بە نرخی هەزار دۆلار بەرەو سەر بفرۆشرێت.

## پوڵەندیەك ژمارەی پێوانەیی

## تۆمار دەکات لە ژەنینی پیانۆ



ژەنیاری پیانۆی پۆڵەندی (ڕۆموالد کۆبیرسکی) توانی ژمارەی پێوانەیی جیهانی تۆمار بکات لە ژەنینی پیانۆ و، لە ئاهەنگێکی مۆسیقا بۆ ماوەی (١٠٣)کاتژمێر و هەشتا چرکە لە ناوەندێکی شۆپینگ، شیاوی باسە ئەم ژەنیارە بۆ هەر کاتژمێرێك پێنج خولەك پشوی دەدا و، لە ژەنینەکەشی ڕەچاوی یاساکانی گینسی دەکرد بۆ ژمارە پێوانەییە جیهانییەکان. ئەمەو ئەم ژەنیارە کاتەکانی پشوی کۆدەکردەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی باش و بۆ کاتێکی زۆر پشو بدات و، کەمیش خواردن و خواردنەوەی دەخوارد بۆ ئەوەی کەمترین کات بەهەدەر بدات.
کۆبیرسکی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ئاهەنگەکەی بەکۆتا هێنا، جێی ئاماژە بۆکردنە کە لەپێشدا ژەنیاری مەجەری (چارلز برۆنر) ژمارەی پێوانەیی تۆمارکرد بوو بەوەی کە توانیبووی بۆ ماوەی (١٠١) کاتژمێر و (٧ خولەك)ی لەسەر یەك پیانۆ بژەنێ.

# فیلمی (ئاڤاتار) زۆرترین داهات لە مێژووی سینەمای ئەمریکا بەدەست




کۆمپایای سینەمایی (فوکس بۆ سەدەی بیستەم) ڕایگەیاند کە فیلمی خەیاڵی زانستی (ئاڤاتار) پێش فیلمی (تایتانیك) کەوتۆتەوە و بووە بە خاوەنی زۆرترین داهات لە مێژووی سینەما لە جیهاندا.
لەم بارەیەوە وتەبێژێك بەناوی ئەم کۆمپانیایەوە وتی کە تێکرای داهاتەکانی ئەم فیلمە کە لە دەرهێنانی (جێمس کامیرۆن)ـە دەگاتە زیاتر لە (١,٨٦٠ ملیار دۆلار) دوای ئەوە فرۆشەکانی ڕۆژی دووشەممە داهاتەکانی فیلمی (تایتانیك)ی تێپەڕاند کە (١,٨٤٣ملیار دۆلار) بووە لە ماوەی ساڵەکانی (١٩٩٧ و ١٩٩٨).
هەروەك فیلمی (ئاڤاتار) بەردەوامە لە پێشەنگی داهاتەکان لە بەریتانیا و (٥ ملیۆن) جونەیهی ئەستەرلینی زیاتری بەدەست هێناوە لە میانەی ئەو هەفتەیە بەپێی وتەی گروپی (سکرین ئینتەرناشناڵ).
شیاوی باسە کە ئەم داهاتانەی (ئاڤاتار) دوای دەسپێکێکی بێهێز دێت، بەلاّم لە سەرەتای ئەم هەفتەوە توانیویەتی (٥٧,٤ ملیۆن) جونەیهی ئەستەرلینی بەدەست بهێنێت لە بەریتانیا.
فیلمی (ئاڤاتار) لە دەرهێنانی (جێمس کامیرۆن)ـە کە هەمان دەرهێنەری فیلمی (تایتانیك)ـە و زۆربەی بەشەکانی ئەم فیلمە بە تەکنەلۆژیای سێ لای (3D) بەرهەمهێنراوە.

# دەتوانی لە ڕێگەی (گۆگڵ ڤۆیس) پەیوەندی بە (ئای فۆن)ـەوە بکەی




کۆمپانیای گۆگڵ ڤێرژنێکی نوێی لە خزمەتگوزاری (گۆگڵ ڤۆیس) بەرهەم هێناوە کە تایبەت بە مۆبایلی (ئای فۆن) و هەردوو جۆری مۆبایلی (بالم بری) و (بیکسی).
ئەمەو ئەم ڤێرژنە نوێیە نوێکاری زۆری تێدا کراوە و چەندین ئەپلیکەیشنی نوێشی بۆ زیادکراوە کە تایبەتە بە مۆبایلی جۆری (بلاك بێری) کە بە سیستمی (ئەندرۆید) کاردەکات کە سیستمێکی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە و لە بەرهەمهێنانی (گۆگڵ)ـە.
ئەمەو لەڕێی ئەم خزمەتگوزاریەوە دەتوانی تەلەفۆن ئەنجام بدەیت لە ڕێی لیستی تەلەفۆنەکانی (گۆگڵ) یانیش لەڕێی کۆنترۆڵ پەناڵەوە، ئەمە جگە لە توانای خوێندنەوە و گوێگرتن و ناردنی نامەی نووسراو.
جێگای ئاماژە بۆکردنە کاتێك بەکارهێنەر لە ڕێی ئەم خزمەتگوزاریەوە تەلەفۆن دەکات ئەوا لەلای کەسی بەرامبەرەوە ژمارەی (گۆگڵ ڤۆیس) دەنێرێت نەك ژمارەی ڕاستەقینەی ئەو کەسەی کە تەلەفۆنەکە ئەنجام دەدات.

# هەناسەیەك بۆ کامەرانی

( عەبدوڵلاّی ئەحمەد ) ئامادەی دەکات

### گریانی خەلیفە

خەلیفەی دووەم و ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێبێ) کە گەیشتەولاّتی شام، پیاوێکی ڕاهیبی بەساڵاچوو هاتە لای، کە چاوی بەو ڕاهیبە پیرە کەوت، گریا.. پێیان گوت: ئەی ئەمیری ئیمانداران! بۆچی دەگری؟! ئەمە ڕاهیبێکی نەسرانییە!
ئەمیری ئیمانداران وەلاّمی دانەوە: ئەم ئایەتانەی خوای گەورەم بیرهاتەوە: (وجوه یومئذ خاشعه * عامله ناصبه * تصلی نارا حامیه).. بۆیە بەزەییم بەو پیرە ڕاهیبەدا هاتەوە و گریام.
بەڵێ ئەوە ئیسلامە دڵی پیاوێکی بەهێزی وەکو خەلیفەی دووەم و ئەمیری ئیمانداران (عومەری کوڕی خەتاب) دێنێتە لەرزە و، بۆ دوامایی پیرێك دەگری، کە دەزانێ موسڵمان نەبووە و ڕەنجی بەبا داوە!! بەمە بەزەیی پێدا دێتەوە، ئەم بەزەییهاتنەوە و گریانە، بەهۆی بیرهاتنەوەی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە.. لە ڕاستیدا لە هەموو شوێنێك دڵی بەخوداوە بەستراو بوو، بۆیە کە ئەو ڕاهیبەی بینی و زانی هەموو تەمەنی خۆی لە پەرستشدا خەرج کردووە، بەلاّم پەرستشێك کە قازانجی بۆی نابێ و زیانی پێ دەگەیەنێت، بۆیە دڵی نەرم بوو و فرمێسك لە چاوەکانی هاتە خوارەوە! بەلاّم ئایا هەر ئەو ڕاهیبە لە ئەهلی (عامله ناصبه)یە؟
نەخێر، ئەمڕۆکە بەهەزاران موسڵمانیش لە دینی خودایان لاداوە و بە هۆکاری جۆراوجۆر خۆیان لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دینی خودا بواردووە، فەرمانەکان جێبەجێ ناکەن و لە نەهێڵکراوەکانیش ناگەڕێنەوە و ئەنجامی دەدەن!! بەمەش خەرمانی تەمەنی خۆیان دەسووتێنن و لە مەعسیەتی خوایی دەکەون، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا وا دەژمێرن کە کاری باش دەکەن و بەهەشتین، ئەوە چییە فلاّنە گوناه ناکەن، یان دڵیان باشە!! بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ بۆ ئەهلی (عامله ناصبه) بگرین، دەبێ ئاوی چاومان وشك بێت و گریانمان هەر کۆتایی نەیەت، هەر بگرین و بگرین!!

### چوونە ناو دڵی براکەت

خەلیفەی دووەم و ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێت: سێ شتن دەبنە هۆی ئەوەی تۆ لە سنگی براکەتدا خۆشەویست ببی، ئەوانیش ئەمانەن: کە پێی گەیشتیزوو سەلامی لێ بکە. کە هاتە مەجلیسەکەتان، جێی بۆ بکەرەوە. کە بانگێشتت کرد بزانە چناوێکی لە هەمووان پێ خۆشترە، بەو ناوەوە بانگی بکە.

### هەشت شتی هاتوو!

هەشت شت دەبێ بەسەر ئادەمیزاددا بێ، ئەو هەشتە بریتین لە: خۆشی و ناخۆشی، کۆبوونەوە لەگەڵ دۆستان و لێکجیابوونەوە لەگەڵیان، کاری ئاسان و کاری زەحمەت، ساغی و نەخۆشی!

### ئادابی قسەکردن لە ئیسلام

١ـ دەبێ ئامانجی قسەکە خێر بێت و بۆ خودا بێت.
٢ـ نابێ قسەکەر بە ناڕەوا قسە بکات و لە شتی پڕوپووچدا بدوێ.
٣ـ نابێ قسەکەر بکەوێتە نێو موجادەلە و بێنەوبەردەی بێسوود لەگەڵ بەرامبەرەکەی، با لەسەر هەقیش بێ، چونکە ئەگەر بەرامبەر بە زوویی قەناعەتی نەکرد، ئەوا موجادەلەکردن بێسوودە.
٤ـ قسەکەر خۆی لەوە دووربخاتەوە، کە بۆ ئەوەی قسەیەك بکات، بێت زۆر لە خۆی بکات، جائەمە لەبەر زۆربلێیی بێت، یان لەبەر خۆ بەزلزانی، یان لەبەر هەر شتێکی دیکە، کە نەفسی دەیخوازێ.
٥ـ لە کاتی ئەوەی بەرامبەر قسە دەکات، بەباشی گوێی بۆ بگری و خۆت خەریك نەکەیت وەکو پێویست تێکەڵاوی قسەکانی بیت.
٦ـ قسەکەر زۆر ئاگاداری خۆی بێت، نەکەوێتە غەیبەتکردنی خوشك و براکانی خۆی.
٧ـ قسەکەر خۆی لە نەمیمە بەدوور بگرێ و نەکات قسەی خەڵکی بۆ یەکتری بگوازێتەوە،بەمە قسەکانی فیتنەیان لێ بکەوێتەوە.

### * ئامۆژگاری (ئیبنول سەماك) بۆ (هارونە ڕەشید)..

(ئیبنو سەماك) جارێکیان چووە لای (هارونە ڕەشید) کە گەیشتە لای، هارونە ڕەشید پێی گوت: ئیبنو سەماك ئامۆژگاریم بکە، بەلاّم بەکورتی و پوختی.
ئیبنو سەماك پێی گوت: ئەی ئەمیری موئمنین! با قورئانت بەس بێ بۆ ئامۆژگاری.. خوای گەورە لە ئایەتێکی ئەو قورئانە پیرۆزەیدا دەفەرموێت: (بسم الله الرحمن الرحيم.. وَيلٌ لِّلمُكَفِّفِينَ.. الَّذِينَ إِذَا اكتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَستَوفُونَ.. وَإِذَا كَالُوهُم أَو وَّزَنُوهُم يُخسِرُونَ.. أَلَا يَظُنُّ أُولَئِكَ أَنَّهُم مَّبعُوثُونَ لِيَومٍ عَظِيمٍ.. يَومَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ العَالَمِينَ ).
جا ئەی ئەمیری موئمنین! ئەو ئایەتە ترسێنەر و مۆژدەدەری سزایە بۆ کەسێك، کە کەمێك لە کێشانە دەدزێت، ئەدی دەبێ سزای ئەو کەسە چەند بێ، یان چۆن بێ، کە هەموو کێشانەکە دبات؟!